" هێزی پێشمەرگە دەیتوانی بەر لە کیمیابارانکردنی هەڵەبجە بگرێت " عیرفان محەمەد

# شایەتحاڵێک کورتەیەکی بیرەوەرییەکانی پاش کیمیابارانکردن دەگێڕێتەوە

ئا - لڤین - هەڵەبجەی شەهید



**عیرفان محەمەد یەکێکە لەو گەنجانەی کە شایەتی زۆرێك لە ڕووداوەکانی کارەساتی هەڵەبجەیە، عیرفان کە ئەو کات منداڵ بووە و بەشێك لە یادەوەریەکانی ئەو شارەی لە یاد ماوە بەم شێوەیە لە گەڵ لڤین دا دواو بیرەوەریەکانی بۆ گێراینەوە :**

" ڕۆژی ١٣/١٤-٣-١٩٨٨ کاتژمێر ٢ شەو بوو بە خەبەر هاتم کە ڕۆژ بوویوە زانیم تۆپ لە خواروی هەڵەبجە دەدرێت بە بەرزایەکانی ( دەڵەمەڕ وشنروێ )وە ئەو کات زانیمان کە شتێك لە ئارادایە. خەڵکی شار دەیانزانی ئەم بۆردوومانە دوو لایەنە بە بێ هۆ نییە، ئەو ڕۆژە تاوەکو ئێوارە تۆپباران بە ردەوام بوو ..ڕۆژی دواتر سەربازەکان هاتنە ناو شار و داوای نانیان دەکرد، سەعات ٤ ی ئێوارەش هەندێك پێشمەرگە هاتنە ناو شار. دواتر لە گەڕەکی گولانەوە دەنگی دەستڕێژی گولە دەبیسترا، و هەندێك لە پێشمەرگەکان سەربازە عێراقیەکانیان کوشتبوو. پاشان خەڵك دەیزانی کە شار بە دەست حکومەتەوە نەماوە، خەڵکی بڕیارییدا کە شار چۆڵ بکەن بەڵام بە داخەوە پێشمەرگە نەیهێشت و هەرکەسێك ڕۆشت گەڕاندیانەوە ناو شار بە بیانووی ئەوەی کە شار ئازاد کراوە و پێویست بە چۆڵکردن ناکات.

دواتر لە رۆژی ٣/١٧ سەعات ٧:٣٠ ی بەیانی پاسەوانی ئێرانی گە یشتنە شار و دەنگی الله اکبر لەزاری ئەو سەربازە ئێرانییانە دەبیسترا کە لە قەراغ شار و ناو شاردا دەجولاُن .

دواتر و لە کاتژمێر نۆی بەیانی فڕۆکەیەك هات و لە سەعات ١١:٢٠ خولەکدا یەکەم هێرشی فڕۆکە بۆ سەر هەڵەبجە دەستی پێکرد، بۆردوومانەکە هێندە بەهێز و بە ردەوام بوو تاوەکو شار بە تەواوەتی لە نێو تەپوتۆز و بارووتدا نوقم بوو، لەکاتی مەغریبدا بوو فڕۆکەکان دووبارە گەڕانەوە بەلاُم ئەم جارە دەنگی تەقینەوەکان لە جاری پێشووجیاواز بوو تەنها دەنگی فڕۆکەکان دەهات. بەلاُم پاش چەند چرکەیەك بۆنێکی ناخۆش هات و کە لەبۆنی میوەی گەنیوو دەچوو و لەگەڵیشیدا بۆنی پیازی سوتاو و سیر دەهات .

پرتەقاڵێك کە لە حەوشەکەماندا بوو

هەرچی چۆلەکەی بەسەرەوە نیشتبوویەوە کەوتنە خوارەوە، زۆرم پێخۆش بوو کە دەمتوانی دانە دانە چۆلەکە کان بگرم بە لاَم پاش ماوەیەك لە دەستمدا مردار دەبوونەوە. باوکم دەیزانی کە غاز ڕژاوە بەلاَم لەبەرئەوەی کە ورەمان نەڕوخێت ئینکاری دەکردو پێیدەوتین " ئەو خاولیانە تەڕکەن و بیخەنە سەر دەموچاوتان "

لەچاوەڕوانی مامدا لە شاردا ماینەوە تاوەکو سەیارەك بێنێت، لەو کاتەدا فڕۆکەکان هاتن شاریان کردە چراخان، ئەوە دواین بۆردوومانی شاربوو لە هەرکوێیەك ڕووناکی هەبوایە لێیدەدرا. ئەو شەوە تاریکترین شەوی تەمەنم بوو کە لەو ژێر زەمینەدا ماینەوە تاوەکو نۆزدە مانگ کە جگە لەڕشانەوە هیچی ترمان نەبوو، هەمووماں مەستبووین و نەماندەزانی کات کەیە، چەند شەممەیە.

وورده ووردە هاتینەوە هۆش خۆمان و زانیمان لەو شارەدا جگە لە ئێمە و پێشمەرگە و پاسدار و تەرمە بەجێماوەکان هیچ کەسی تری تێدا نەماوە . دواتر شار پڕبوو لە ئاخوندی ئێرانی، ئاگام لێبوو کە چونە کتێبخانەی گشتی و هەموو کتێبەکانیان بارکردوو بردیان بۆ ئێران. هەر ئەو ئێوارەیە چەند چەکدارێك دوکانی پیاوێکیان بڕی کە بە کەمالی جەلال بەناو بانگ بوو کە دوکانی ئەشیای سەیارەی هەبوو .

پاسدارەکان کە بەناو شاردا دەگەڕان بەدوای چای کیسە و جگەرەدا دەگەڕان چونکە نەیاندەتوانی شتی تر ببەن، بەلاَم چەکدارە کوردەکان ماڵەو ماڵ دەگەڕان بەناو جەنازەکاندا بۆ ئاڵتوون و بازنەکانیان و ئەو پارانەی بەسترابوون بە پشت مرددوەکانەوە بە تایبەت ئافرەتان. دایکم لە گەڵ ئامۆژنمدا بەدوای تەرمی مامدا دەگەڕان، ئەوان دەیانگوت "خەڵکمان بینیوە گوارەی لە گوێدا بوو و گوێیان قڵیشاندووە و گوارەکەی تێدا نەماوە "



عیرفان باوەڕی وایە کە دەکرا زۆر بە چاکی بەر لەو کارەساتە بگیرایە بەچەند ڕێوشوێنێك گەر بگیرایەتە بەر :

یەکەم : ڕێگا بە خەڵك بدرایە تاوەکو شاری چۆڵ بکردایە بۆ نموونە تۆفیقی کارەبا یەکێك بوو لەو شەهیدانەی بە سەیارەی دائیرەی کارەبا ویستی لەشار بچێتەدەر، پێشمەرگەکان پێیان وتبوو دابەزە ئەمە ئۆتۆمبێلی شۆڕشە، بەلاَم کاتێك کە گەڕێنرایەوە لە ماڵەکەی خۆیدا شەهید بوو .

دووەم : دانانی دۆشکە لە چواردەوری شار لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە کە ئەو کات فڕۆکەکان نەیاندەتوانی بەو شێوەیە بۆردوومانی ئەم شارە بکەن، بەلاَم لە بەر ماڵە و ماڵکردن ئەمەشیان بۆ نەکرا"

عیرفان لەسەر گێڕانەوەکەی بەردەوام دەبێت و ساتەکانی دوای کیمیاباران بەوشێوەیە دەگێڕێتەوە :

" لاشەی مردووەکان لە لایەن پاسدارەکانەوە کۆدەکرایەوە و پێشمەرگەش خەریکی دزی و تالاَنی بوون. لەپاش فرۆشتنی مەسولەکان و پەڕاندنەوەیان لە ئاو چەند چەکدارێك بانقەکەی هەڵەبجەیان شکاندوو هەموو پارەکەیان برد. پاش ئەوەی شار پڕبوولە پاسدار و شار کەسی تیا نەما و لە لایەن ئێرانەوە کۆنترۆڵی شار کرا دواتر هیچ فڕۆکەیەك نەیدەتوانی بەسەر ئاسمانی شاردا بڕوات تەنانەت پێشووتریش پێشمەرگە دەیتوانی ئەم کارە بکات و بەڵگەش ئەوە بوو کە لە و کاتانەدا سێ‌فڕۆکەیان خستە خوارەوە و یەکێکیان لە عەنەب لێیدراو دواتر شۆفێرەکەی خۆی خستە خوارەوە و لە شاشەی تەلەفزیۆنی ئێران موقابەلەکەیمان بینی.

ئەو ڕۆژانەی لەم شارەدا ماینەوە هەموو ڕۆژێك لە گەڵ ئامۆزایەکەمدا دەچووین بۆ ماڵی ئەوان و لەوێ دەماینەوە بۆ ئەوی لە لایەن ئەوانەی کەبوونە هۆی وێرانی شار تالاَن نەکرێت، ڕۆژانە پێشمەرگە ماڵەو ماڵ دەگەڕان و بەناو تەرمەکاندا هاتوو چۆیان دەکرد بەدەستی پڕیش دەهاتنە دەرەوە .

ئەو سەبازە کوژراوانەی پێشتر باسمکرد دوو دوو فڕێدەدرانە گە ڕەکێ یەکێ لەوانە کە کوژابوو فڕێدرابوویە بەردەم ماڵی باپیرم کە بەرانبەر کتێبخانەی گشتی شاربوو، پاش نۆ ڕۆژ بە تەکلیفی باپیرم، یەکێك لەو ئاخوندانە فڕێیدایە لای کتێبخانەی گشتی، ئەو سەربازە بە پێناسەکەیدا زانیمان کە خەڵکی سە ماوە یە .

ئەوانەی کە ئەمڕۆ لافی کوردایەتی لێدەدەن و نیوەی گەلی کورد بە نەبوونی خەباتی شاخ تاوانبار دەکەن و وەك ئەوەی کەس نەزانێت خەباتی شاخەکەیان بە چ شێوەیەك بووە. سەرلەبەیانی کە دەڕۆشتین مردووەکان بە شێوەیەك کەوتبوون ئێوارە کە دەگەڕاینەوە بەشێوەکی تر بوون، ئەو مەیتانە پشکنرابوون و بە شوێن زێڕ و پارەی گیرفانیاندا گەڕابوون "